**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کاریگەریان لەسەر بەهاکانی خێزان

## ((خوێندنەوەیەکی پراکتیکی لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر))

**اسو ولی محمد**

زانیاریەکان و کتێبخانە, پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر , زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان

وانەبێژ لە بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ،زانکۆی لوبنانی فەرەنسی ، هەولێر، هەرێمی کوردستان

aso.mohammed@epu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/٢٣

پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/٨

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

Social media, Family values, culture, family, Family patterns

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.3.05

## پوختە

ئامانجی لێکۆڵینەوە بریتیە لە:تا چ ڕادەیەك تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕینی پاترۆنی بەهاکانی خێزان ؟ و ڕێچکەکان چین کە دەبێ بیانگرینە بەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنیەکانی لەسەر خێزان. بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەکە هەوڵیدا وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە سەبارەت بە تا چ ڕادەیەك تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر گفت و گۆی نێو خێزان هەیە ؟و ئایا تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری لە ڕۆشنبیری خێزان دروست کردووە؟و ئایا تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری لە لایەنی پەروەردەیی خێزان دروست کردووە؟ وهەروەها ئایا تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر پاترۆنەکانی تری خێزان دروست کردووە ؟شایەنی باسە توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر چوار تەوەر، چوارچێوەی گشتی توێژینەوە، لایەنی تیۆری توێژینەوە ، و ڕێگاکانی توێژینەوەو ئەنجام و گفتوگۆ. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێك دەرەنجام کە گرنگترینیان بریتین لە،بوونی کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر گفت و گۆی نێو خێزان ، و هەورەها بوونی کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی

کۆمەڵایەتی لەسەر ئاراستەکردنی رۆشنبیریەکی نوێ لە نێو خێزان.
بوونی گاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر لایەنی پەروەردەیی نێو خێزان و بوونی گاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر پاترۆنەکانی تری نێو خێزان.

## پێشەکی :

پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ لەناوەراستی سەدەی بیستەم رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری جۆری ، و شۆرشی ڕاستەقینە ، لە جیهانی پەیوەندیەکان ، بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانیەکان ، وتەقینەوەی زانست و زانیین و زانیاری ، وبڵاوبوونەوەی کەناڵە ئاسمانیەکان Satellites ، وتۆڕەکانی ئینتەرنێت Internet ، و تەلەفۆنی زیرەك Mobiles ، و پەیوەندیەکان Communications ، و بڵاوبونەوەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە جیهان ، و بەستنەوەی پارچەکانی جیهان بەیەکترەوە ، و رۆڵی بینی لە لێك نزیککردنەوەی ڕاستەقینەی رۆشنبیریە جۆراوجۆرەکان لە نێوان کۆمەڵگەکان ، ورێگا خۆشکەربوو بۆ لێك نزیکبوونەوەی تاکەکان و یەکترناسینیان و ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچون و بیر و حەزەکانی نێوانیان ،و هەروەها ڕەخسێنەری چەندین ئامرازی جۆراوجۆریش بوو کە ئەمڕۆ تاکەکانی جیهان سوودی لێوەردەگرن .

و تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بریتین لە : بۆ نموونە : ( فەیسبووك ،و تویتەر ،و مای سبیس ،و تیك تۆك ،و سناپ چات ،و ئینستەگرام ،و های فایف ،و لایف بوون ،و ئورکت ،و لیکند ئین ،و یوتیوب ، ... هیتر ) ، لەهەرە تۆرە بڵاوەکانن ، بەهۆی بوونی تایبەتمەندی دیار لەم تۆڕانە کە بەکارهێنەر ئارەزووی بەکارهێنانیان دەکات .

تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی رۆڵیان هەبوو لە هەژاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان ،و دروست کردنی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ژیانی هاوچەرخدا ،و چەندین ململانێیان سەپاند جا ئەوەی پەیوەندارە بە لایەنەکانی بیر ، و رۆشنبیری ،و کۆمەڵایەتی ،و ڕامیاری ،و ئابووری ،کەبوون بەهۆی دەرهاوێشتنی چەندین بارودۆخی نوێ کە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ژیانی تاکەکان ،و کۆمەڵگەکان بەشێوەی مادی ،و بیروبۆچون ،و تەنانەت بە دروست بوونیشەوە ،وە بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر بەها ،و پێوەر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

،و ڕەهەندەکانی ژیان ،و ڕێگاکانی هەبووە ،و بەزینەری بنچینە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکان بووە بەشێوەی تایبەت ،کە چەندین لێکەوتەی ئەرێنی لێ درووست بوون : وەك : لێك نزیك کردنەوەی دورەکان ،و توندوتۆڵ کردنی پەیوەندیەکانیان ،ولێکەوتەی نەرێنیش وەك : نەتوانینی کۆنترۆڵ کردنی ،و ئاراستەکردنی ،بۆیە زۆربەی ئەم جۆرە ئامرازە ڕۆشنبیریە جۆراوجۆرانە لەکۆمەڵگەکانی ترەوە دەگوازرێنەوە بۆ کۆمەڵگەی ڕەسەن ،و دەبن بەبنچینە ،و یاریمەتیدەر بۆ بەدەست هێنانی ئامانج ،و بەرژەوەندی بازرگانی ئەو تاك ،و دام و دەزگایانەی دەرەوە کە گرنگی نادەن بە پێوەر ،و ئەو بەها ئاکاریانەی کە کۆمەڵگەکان پێوەی دەناسرێن ،کە ئەمەش دەرەنجام دەبێت بە هۆی دروست بوونی کەلێن لە پاترۆنی پەیوەندی ،و بەها خێزانیەکانی ناو کۆمەڵگەکان.

بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستیانە گرنگترین ئەو لێکەوتە ،و کاریگەریانە دەستنیشان بکات کە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستی کردون لەسەر بەهاکانی خێزان لەناو کۆمەڵگەکەماندا .

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### یەکەم : کێشەی توێژینەوە

تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە ئامرازێکی پەیوەندی گرنگ دادەنرێت لەسەدەی ئێستاماندا ،کە ژینگەیەکی پەیوەندی تازەی ڕەخساندووە ،کە تاکەکان لەرێگای تۆڕەکانی پەیوەندی ئەلیکترونی لێك نزیك دەبنەوە ،لە ژینگە جۆراوجۆر و ڕۆشنبیریە هەمەچەشنەکاندا ،بەمەبستی گەیاندنی بیروبۆچونەکان و هەستەکانیان و شێوازی کارلێکیان ،دەرنجام دروست کردنی پەیوەندیەك لەجیهانی ئەلیکترونیدا .

بۆیە بەها خێزانیەکانی کۆمەڵگەکەمان ،گۆرانکاریەکی بەرچاوی بەخۆی بینیەوە دەرەنجامی کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ،کە دەبینرێت بەشێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازەیان بونیادناوە دور لە تاکەکانی خێزان ،ئەمەش لەرێگای مامەڵەکردن لەگەڵ چینی جۆراوجۆر لەخەڵك ، و کەسانی دور لە خێزان ،و نەتەوە ،و ئاین ،و ڕۆشنبیری جیاواز و جۆراوجۆردا ،وە هەروەها تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پاڵپشتن بۆ پێدانی ئازادی بەتاکەکان لە هەڵبژاردنی

پاترۆنێکی تازەی ئازاد لە ژیان ،جیا لەوەی کە لەنێو خێزاندا بوونی هەبووە ،ئەمەش ڕێگای خۆش کرد بۆ دروست بوونی هەندێك هەڵسوکەوتی قەدەغەکراو لە چوارچێوەی خێزان ،بۆ زانیین هەر خێزانێك پاترۆنێکی تایبەتی خێزانی هەیە ،کە بونیادنراوە لەسەر بنچینەی پەیوەندی تاکەکان بەیەکترەوە ،و باوکان تیایدا دەسەڵاتیان هەیە بەسەر منالأنەوە ،و بەها ،و بنچینەی پەروەردەیی تەندروستیان فێردەکەن ،کە ئەمەش پاڵپشتە بۆ دەرچوونی تاکێکی تەندروست بۆ ناو کۆمەڵگە ،بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەم شیکردنەوەی سەرووەوە دەبنە هۆی دروست بوونی کەلَین یاخود لێکترازان لەو پەیوەندی ،و بنەما خێزانیانەی پێشووتر بنیادنراون ،بۆیە لێرەدا پێویستی ،و گرنگی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دەردەکەوێت کە بریتیە لە (( کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بەهاکانی خێزان ) وڕاستی ئەم بابەتە پەیوەندارە بە گشت خێزانێکی ناو ئەم کۆمەڵگەیە ،بۆیە پاڵمان پێوەدەنێت بۆ دەرخستنی کێشەیەکی دیار کە ئەویش بریتیە لە :

تا چ ڕادەیەك تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕینی پاترۆنی بەهاکانی خێزان ؟ و ڕێچکەکان چین کە دەبێ بیانگرینە بەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنیەکانی لەسەر خێزان ؟

وەلەژێر ڕۆشنای ئەم کێشەیە ،و ئەم پرسیارە سەرەکیە چەندین پرسیاری لاوەکی دەوروژێنرێت کە لەڕێگای ئەم توێژینەوە هەوڵی وەلامدانەوەیان دەدەین ، ئەوانیش بریتین لە :

1.تا چ ڕادەیەك تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر گفت و گۆی نێو خێزان هەیە ؟

2.ئایا تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خێزان دروست کردووە ؟

3.ئایا تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ئاراستەی ڕۆشنبیری خێزان دروست کردووە؟

3.ئایا تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر ڕەهەندەکانی پەروەردەیی نێو خێزان دروست کردووە ؟

## دووەم : گرنگی توێژینەوە :

گومانی تیانیە کە خێزان بە یەکەی کۆمەڵایەتی سەرەکی کۆمەڵگە دادەنرێت ،و لەهەمان کات بونیادی کۆمەڵگەیە ،وکار دەکات بۆ پرکردنەوەی پێداویستیایەکانی کۆمەڵگە ،و هەروەها کار لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست دەکات ،و پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات لەژێر ڕۆشنایی ژینگەیەك کە بونیادنرابێت لەسەر بنچینەی لێکتێگەیشتن ،و پەیوەندی خێزانی تەندروست ،بەڵام لەهەمان کات پێشکەوتنەکانی تەکنیك ،و زانیاری لەژێر ڕۆشنایی شۆڕشی زانست ،و تەنکۆلۆژیا ،یارمەتی دەربوون بۆ دروست بوونی گۆڕانکاری لەسروشتی کۆمەڵگەکان بەتایبەت کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان ،و کۆمەڵگەی خۆشمان بەدەر نەبوو لەو گۆڕانکاریانە.

لێرەدا گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە خوێندنەوە بۆ کارلێك ،و کاریگەریەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بەهاکانی خێزان دەکات لە کۆمەڵگەکەمان ،بەتایبەت لە پێشکەش کردنی شێوازی چارەسەرکردنی لێکەوتە نەرێنیەکانی ئەم تۆڕانە لەسەر بەهاکانی خێزان ،و کۆمەڵگە بەگشتی ،و سوود وەرگرتن لە لایەنە ئەرێنی ،و دەرەنجامە باشەکانی .

## سێیەم : ئامانجی توێژینەوە :

1.دەستنیشانکردن ،و شیکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە کە گومانی تیانیە کاریگەری لەسەر ڕێچکەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەیە ئەوانیش تۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتین و کاریگەریان لەسەر گفت و گۆی نێو خیزان .

2.دیاریکردنی کاریگەریەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەهەندەکانی ژیانی خێزان .

3.ناسینی ڕێژەی کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاراستەکردنی رۆشنبیری نێو خێزان .

4.شیکردنەوەی کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر لایەنی پەروەردەیی خێزان .

## چوارەم : گریمانەکانی توێژینەوە :

1.تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی گفت و گۆ لەنێو خێزانەکاندا .

2.تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە لەسەر ڕەهەندەکانی ژیانی خێزانی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3.تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە لەسەر ئاراستەکردنی ڕۆشنبیریەکی تازە لەنێو خێزاندا.

4.تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە لەسەر لایەنی پەروەردەیی خیزان .

## پێنجەم : چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە :

1.تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی :چەندین پێناسەی جۆراوجۆر هەیە تایبەتن بە ڕونکردنەوە و شیکردنەوەی چەمکی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەوانەش :

پێناسەی (Boyd ) کە پێی وایە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بریتین لەو : خزمەتگوزاریەی کە لەڕێگای تۆڕەکانی ئینتەرنێت دروست دەکرێن ،کە ڕێگە بەتاکەکان دەدات بونیادی دۆسیەی تایبەت بە خۆیان بکەن ،و ئەو تاکانەش هەڵبژێرن کە پەیوەندیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن ،و هەروەها ئەو گروپانە پێك بێنن کە خەسڵەتی هاوبەشیان لەنێوانیان هەیە ،و لەچوارچێوەی پەیوەندیەکی ئەلیکترونی تێك هەڵکێش لەنێوان تاکەکان و گروپەکان کە لەڕێگایەوە ئاڵوگۆری بۆ هەوڵ و زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ و توانج و ڕاوبۆچونەکان دەکەن.(Boyd. 2007.p62) .

وەهەوەها (Safko ) پێی وایە کە بریتین لەو : ئامرازانە کەلەڕێگایانەوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون دروست دەبێت (Safko.2010.p3).

پێناسەی ڕێکاری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی: توێژەر لەم توێژینەوەیە مەبەستی لە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بریتین لە تۆڕەکانی فیس بووك (Facebook ) ،و تویتەر (Twitter ) ،ویوتیوب (YouTube ) ،وسناپ چات (Snapchat ) ،وتیك تۆك (Tik Tok ) ،وهیتر ... کە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی وەك خزمەتگوزاریەك بەکاری دێنن بەمەبەستی بونیادنان و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیان.

2.بەها خێزانیەکان: بەهاکان کۆی بەهان کە واتای قورسایی و نرخی شتەکان دەگەیەنن ،و چەندین مانای تر دەگەیەنێت وەك (ڕێژە ،ونرخ ،وڕاستی ،وهیتر... ) ،وچەمکی ڕاست و ڕەوایی لە قورئانی پیرۆزیش هاتووە بەمانی پایەندبوون بە ڕێگای ڕاست و ڕەوا .

و بەهاکانی خێزان پێناسەدەکرێت بەوەی کە بریتیە لە : کۆمەڵێك بیروباوەر کە کۆمەڵگە پێیانەوە پابەندە بەشێوەی ئاشکرا یاخود بە شیوەی ناخی ،وەهەروەها کۆمەڵێك پێوەرن کاردەکەن بە شێوەی دینامیکی لە میژوو ،و مانا دەبەخشن بەگشت دەسکەوتە کۆمەڵایەتیەکان (اللحیانی ، 2008 ، لا 45 ).

پێناسەی ڕێکاری بەهاکان :توێژەر مەبەستی لە بەهاکانی خێزان لەم توێژینەوەیە بریتیەلە : گشت ئەو بەها و داب و نەریتانەی کە تاکەکان لەسەری بونیادنراون و پابەندن پێیانەوە هەر لەسەرەتای لەدایك بونیانەوە تاکو دوا ساتەکانی تەمەنیان .

## بەشی دووەم : لایەنی تیۆری توێژینەوە

## باسی یەکەم : تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی

### 1.چەمکی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی :

چەمکی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی چەمکێکی گۆڕاوە و بەچەندین شێوە لە لایەنی ویژەییەوە رونکردنەوەی بۆ کراوە ، بەهۆی بونی پەیوەندی نێوان تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی و جیهانی تەکینیکەوە ، و لەهەمان کات گۆڕانکاری جیهانی تەکنیك زۆر خێراو جۆراوجۆرە بۆیە ناتوانرێت چوارچیوەیەکی گشتی بۆ ئەم چەمکە دیاریبکرێت ، بۆیە زورێك لەزانا و بیرمەند و توێژەران پێناسی ئەم چەمکە دەکەن لەوانەش :
ئۆلیڤەر (Oliver ) پێی وایە کە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی : بریتین لە پێگەی ئەلیکترۆنی کە ڕێگا بەتاکەکان دەدەن بۆ پێناس کردنی خۆیان ، و هاوبەشی و هەماهەنگی کردن لە چوارچێوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی بونیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (XueOlive ,2010,p2 ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وهەوروەها بوید و ئیلسون (Ellison ) پێیان وایە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی بریتین لە : پێگەی ئەلیکترۆنی کە یارمەتی دەری تاکن بۆ دروست کردنی لاپەرەیەکی کەسی کە تیایدا رونکردنەوەی کەسایەتی خۆیان ئەکەن بەرامبەر بە جەماوەرێکی فراوان یاخود دیاریکراو بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو ، و هەروەها رونکردنەوە بو لیستی هاوەڵ و هاورێنان دەدات ، لەگەڵ بوونی خەسلەت و توانای نیشاندانی لاپەرەی کەسی بەرامبەر و دەرخستی زانیاریەکانی و چەندین خاسیەتی تر ( Boyd & Ellison, 2010 , p64 ).

بەپێی ڕونکردنەوەکانی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە ، توێژەر پێی وایە کە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی بریتین لە خزمەتگوزایەك کە جەخت دەکاتەوە لەسەر بونیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی ، و ئاڵوگورکردنی پەیوەندی نێوان ئەو تاکانەی کە خەسلەت و گرنگی و چالاکی و تایبەتمەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ، یاخود ئەوانەی کە گرنگی بە دەرخستن و دوزینەوەی حەز و ئارەزوو و چالاکی کەسانی تر دەدەن .

## 2.گرنگی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی بۆ کۆمەڵگە :

پەیوەندی دیاردەیەکی کۆمەلایەتیە بونیاد نراوە لەسەر پەیوەندیەکی کارلێك ، وبەتایبەت لەنێوان ئەندامانی ڕوشنبیریەکی هاوبەش ، کەتیایدا بەشداربوو هەست بە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات ، نەك بەپیچەوانەوە هەست بەدورەپەرێزی بکات ، هەر بۆیە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی سەرکەتووبوو لە دروست کردنی کاریگەری لەسەر ملیۆنان بەشداربوو .
هەر ئەمەش وای کردووە کە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان گرنگی بە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بدەن ،و خزمەتگوزاریەکانی لەلایەن ئەم کۆمپانیاوانەوە پڕوگرامسازی بۆ دەکرێت و لەبەرامبەر قازاجێکی بی سنوور بەدەست دێنن ، لەدەرەنجامی کۆکردنەوەی هاوەڵان و بەکارهێنەران ، وچالاکی و گرنگیاکان ، وگەڕان بەدوای هاوڕی ، وگەڕان بەدوای حەز و شتە گرنگەکان ، وچالاکی خود و کەسانی بەرامبەر و ... هیتر .
بۆیە گومانی تیانیە کە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە کە لەبنچینەدا ئامانجیان یەکترناسینە ، زانیاری و هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆ و چەندین شتی تر پێشکەش ئەکەن ، کە ئاڵوگۆڕکردنیان پێ دەکرێت لەنێو ئەم تۆڕە

جاڵجاڵۆکەیە ،و لەهەمان کات جێگرەوە پوخت و خێرا پێشکەش بەبەکارهێنەران دەکەن (محمود ، 2001 ، لا 87-88 ) ، ئەمانەش خۆی لەخۆی دا ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە ، و دیارخەری گرنگی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی یە .

## 3.جۆری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی :

تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی چەندین جۆریان هەیە ، و هەموو ڕۆژێکیش لەزیادبووندان ، بەڵام بەمەبەستی تێگەیشتن توێژەر بەباشی زانی پۆلینێك بۆگرنگترین جۆرەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی لەم توێژینەوەیە بکات ، کە ئەوانیش بریتین لە (Mayfield, 2010 , p6 ) .

•فەیس بووك (Facebook ) : لەساڵی 2004 دروست کراوە وەك تۆڕ یاخود سایتێکی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی هارڤەرد بۆ ئەو قوتابیانەی کە پۆستی ئەلیکترۆنیان هەبوو لە زانکۆی ناوبراو ، و لەساڵی 2005 فراوانی بەخۆیەوە بینی ، وتائەو ڕادەی توانرا لەلایەن گشت تاکەکانەوە بەکارهێنرێت ، کەلەبنچینەدا بریتیە لەبنکەیەك لەسەر تۆڕی گشتی کە کاردەکات لەسەر پێکهێنانی هاوەڵ ، ویارمەتیدەرە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری ، وێنەی کەسی ، وپارچە ڤیدیۆ ، و کۆمێنت دان لەسەریان ، وهەروەها یامەتیدەرە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی لە ماوەیەکی کورتدا ( عبدالصادق ، 2013 ، لا35) ، و هەروەها بریتیە لە بنکەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی کە دەکرێت تیایدا بەشداربیت لەرێگای ئەو تۆڕانەی کە ڕێك دەخرێت لەلایەن شارەکان یاخود لایەنی کار یان قوتابخانەکان یاخود هەرێمەکان ، ئەمەش بەمەبەستی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر و کارلێك کردن لەگەڵیاندا ( Alan ,2008 ,p2 ) .

•تویتەر Twitter : لەساڵی 2006 دروست کراوە وەك پرۆژەیەکی توێژینەوە لەلایەن کۆمپانیای Obvious , و ئەم بنکەیە بۆ ئاڵوگۆڕی گفت و گۆکان بەکارهێنرا لەلایەن ئەو بەکارهێنەرانەی کە ئامانجی هاوبەشیان هەبوو ، و هەروەها بۆ هەماهەنگی کردن لەکاتی ڕووداوەکان ،و بڵاوکردنەوەی هەواڵ ، وزانیاریەکان ، و جگە لەمانەش ئەنجامدانی وتووێژ نێوان تاکەکان ، وگروپەکان ، جەماوەرەکان (الفار ، 2012 ، لا164 ) ، و دەکرێت بڵێن جۆرێکە لە جۆرەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی ، کە ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە روداوە سیاسیەکانی ئەم دواییەی وڵاتان ، بەتایبەت ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، (Diaz , 2011 , p24 ) . و بیرۆکەی تویتەر بونیادنراوە لەسەر بینچینەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگەدان بە بەکارهێنەران بەناردنی کورتە نامە کە پێی دەوترێت (تویت ) واتا دەنگی چۆلەکە Tweets ، کە ئەو نامەیەش لە (140) پیت زیاتر نیە ( Glassman &others,2010 p22 ).

•یوتیوب YouTube : لەساڵی 2005 لەلایەن سێ فەرمانبەر کەلە کۆمپانیای (Pay Pal ) لە ویلایەتی (کالیفۆرنیا ) لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزراوە ، و یوتیوب پشت دەبەستێت بە نیشاندانی پارچە ڤیدیۆی جوڵاو لەسەر تەکنیکی (ئەدۆب فلاش ) ، وئەم بنکە پێك دێت لە کۆمەڵێك فیلمی سینەمایی ، وتەلەفزیۆنی ، وڤیدیۆ ، ومۆسیقا ، وکۆمپانیای (گۆگل Google ) هەڵسا بەکڕینی ئەم بنکەیە بەرامبەر (1.65) ملیار دۆلاری ئەمریکی ، ویوتیوب بە نەوەی دووەم ئەژماردەکرێت لە تۆڕەکانی پەیوەندی بەپێی هەڵبژاردنی گۆڤاری (تایم) ی ئەمریکی .(المنصور ، 2012،لا87).

•سناپ چات Snapchat :لەساڵی 2011 لەلایەن هەر یەك لە ( Evan Spiegel و Bobby Murphy و Reggie Brown )قوتابی پێشووتری زانکۆی ستانفۆرد دروست کراوە وەك ئامرازێکی ئاڵوگۆڕی تەکنیکی هەمە پیشە و هەمەلایەن ، و بەهەمان شێوەی ئامرازەکانی تری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسانکاری دروست کردووە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە.

)https://www.google.com/search?ei=1MVzXYadKMnG6QT6lIGYDQ&q=snapchat&oq=Sna&s_l=psyab.1.0.0i67l8j0i131j0i67.18495.23419..25234...0.2..0.342.2525.0j4j6j1......0....1..gws-wiz.....0..0i71j0.4DrLlZw9DS4(

•تیك تۆك Tic Tok : لەساڵی 2017 لەلایەن Byte Dance خراوەتە بازارەوە ، ولەسەر سیستەمەکانی iOS و Android کاردەکات ، و ئامرازێکە بو دروست کردنی ڤیدیۆ و چەندین جێبەجێکردنی تر ، کە دەتوانیین بڵێن لەلایەن تاکەکانەوە بەڕێژەیەکی زۆر فراوان بەکاردەهینرێت.

)https://www.google.com/search?q=TikTok&stick=H4sIAAAAAAAAAONgFuLSz9U3yEsqSYvPLVT9c3NEwzNTVNzrPI0eJzzs_Nzc8LzkxJLUsLF7EyhaSmR2Sn72DlREAWZxI9zkAAAA&sa=X&ved=2ahUKEwjjkK3E_r7kAhUi06YKHcTfDi0QxA0wHnoECAsQBw&biw=1366&bih=657(

## 4.تایبەتمەندیەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی :

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیمی و دێڤید ئاماژە بە گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی دەکەن کەبریتین لە :

•کۆمەڵێك بێ سنوور لە بەشداربووان دەگرێتە خۆ.

•بەشداربووان دەتوانن رێژەیەکی بێ سنوور لەزانیاری و زانیین ئاڵوگۆڕ بکەن .

•هەر بەشدابویەك دەتوانیت پەرە بە زانیاریەکانی بدات و گەشەی پێ بدات .

•لەرێگای ئەم تۆڕانەوە تاك دەتوانێت گەشە بەتوانا و لێهاتوویەکانی بدات و رێچکەی ژیانی بەروە و باشتر بگۆڕێت . (Amy & David , 2009 , p336 )

## 5.تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە :

تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە لەچەندین لایەن دروست کردووە ، کە دەکرێت ئاماژە بەهەندێك لەو لایەنانە بکرێت ، کەبرتین لە :

•کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان :پوخت دەکرێنەوە لە دوو لایەنی سەرەکی : کە ئەوانیش :

1.یەکترناسین و بونیادنانی هاورێیەتی .

2.گروپ ، وئەندامبوون لە گروپەکان .(زکی،2012،لا19 )،(رشاد،2009،لا22)،(أبو لیلە ،2014،لا217)

•کاریگەریە رامیاریەکان :ئەندامبوونی تاکەکان لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان ، دەرگای والأ کرد بۆ بەشداری تاکەکان لە فەزای رامیاری بەگشتی ، کە ئەمەش دەکرێت ئاماژە بەگرنگترین تەوەرەکانی بدرێت کە بریتین لە :(زکی ،2012،لا19)،(شمس الدین،2013،لا138)

1.پرکردنی رای گشتی . (زکی ،2012،لا21)

2.سەرهەڵدانی بەهاوڵاتی بوونی ئەلیکترۆنی . (رشاد،2009،لا22)

3.کاراکردنی رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی .(زکی ،2012،لا22).

•کاریگەری لەسەر ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی :

سویدی ئاماژە بە چەندین رۆڵی کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی ، لەم رۆڵانەش :

1.ئاسانکاری یەکترناسین و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان ، و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری کۆمەڵگەیی لەلایەنە جۆراوجۆرەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2.بەرزبونەوەی ئاستی رۆشنبیری ، و تێکەڵ بوون بە رۆشنبیری تازە و جۆراوجۆر .
3.بازرگانی ئەلیکترۆنی ، کەئەمەش لەلایەن چەندین کۆمپانیای جیاواز ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی دەرخستنی کاڵاکانیان ، و بەبازارکردن و بازارگەری کردنیان .
4.دەربڕینی خود ، تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسانکاری دەرەخسێنیت بۆ تاك تاکو خودی خۆی دەربخات .
5.تێکشکاندنی قۆرخکاری کردنی دەوڵەت بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ، چونکە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی راستیەکان ، و دروست بوونی هاوڵاتیەکی هۆشیار و راگەیاندنکار. (السویدی ،2013،لا15)

لێرەدا توێژەر پێی وایە کە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ، و تاکەکان ، لەگەڵ ئەوەش پێویستیەکی سەرەکی ژیانی تاکە ، و ڕۆڵی ئەکتیڤ و بەرچاوی هەیە لەژینگە ، و کۆمەڵگەی مرۆیی ، و ناکرێت بە ئاسانی دەسبەرداری بین ، بۆیە دەکرێت کاریگەری ئەرێنی هەبێت ، و بەشداربێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی سەقامگیری ، و ئاسایشی مرۆیی لەرێگای بەکارهێنانی تەندروست بۆ ئەم تۆڕانەی کە تایبەتن بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەك : دارشتنی ستراتیژو بەرنامەی دروست بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانیان ، و رێبەری کردنی تاکەکان لەسەر چۆنیەتی بەشداربوون لەم تۆڕانە و چۆنیەتی سوود گەیاندنیان بە دام و دەزگاکان و کۆمەڵگەکان بەگشتی .

## 6.لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی :

•لایەنە ئەرێنیەکان : وەك :
1.فراوانکردنی ئاستی ئازادی ، ورادەربرین ، ورای جیاواز .(راچی ،2014،لا19)
2.هۆشیارکردنی تاکەکان ، بەتایبەت چینی لاوان بە مەترسیەکانی رەگزپەرستی و تیرۆر.(العتیبی ،2016،لا112)
3.بەکارهێنانە کەسیەکان .
4.بەکارهێنانی لەبواری فێرکاری .
5.بەکارهێنانی لەبواری راپەراندنی کاری میری(دەوڵەت) ، و کەرتی تایبەت .

6.بەکارهێنانی لەبواری ڕاگەیاندن و هەواڵ.

7.بەکارهێنانی بۆ بانگێشت کردن .(أبو شنب،2013،سایتی ئەلیکترونی )

8.کاری هاوبەش ، وهەماهەنگی کردن .

9.پەیوەندی کردن ، ویەکترناسین .

10.خۆشی ، وکات بەسەربردن .

11.بڵاوکردنەوەی زانیاری ، وزانیین ، ڕۆشنبیری .(محمود،2011،لا91-92)

•لایەنە نەرێنیەکانی : وەك

1.بەلادابردن بەتایبەت لە کاری ڕاگەیاندن .(الشميمری،2010،لا105)

2.لادان لە بواری بیر .(المطيری،2015،لا76)

3.بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی .

4.سەرهەڵدان ، وزیاد بوونی تاوانی ئەلیکترۆنی .(السويدی،2013،لا18)

5.دورەپەرێزی ، وهەست کردن بە بێگانەیی لەکۆمەڵگە .

6.ئاڵودەبوونی ئەلیکترۆنی ، هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی کات ، و شوێن .

7.دزینی زانیاری کەسی لەڕێگای ئەم تۆڕانەوە لەلایەن کەسانی هاککەرەوە.

8.تێك چوونی شیرازەی داب و نەریت ، وشیوازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی .(محمود،2011،لا92-93)

لەڕوانگەی ئەو زانیاریانەی کە ئاماژە پێکراوە لەسەرەوە :

توێژەر پێی وایە کە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەك هەر ئامرازێکی تری تەکنیکی لەلایەن تاکەکان و گروپەکان بەکاردەهێنرێن ، و دەکرێت تاکەکان ئەم ئامرازانە بەشێوەی ئەرێنی بەکاربهینن ، وسودبگەیەنن بەخودی خۆیان و بەرامبەر ، وەلەهەمان کات دەکرێت بەپێچەوانەوە بێت بۆ کاری نەرێنی بەکاربهێنرێت ، واتا بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی شەر ، و نانەوەی کارەسات ، تەوەری گشتی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بریتیە لە چاودێری ناخ (خود ) ، وچاودێری ویژدان ، و پەیرەوکردنی یاسا ، و ڕێساکانی کە لەگەڵ مرۆڤایەتی دەگونجێت ، و کۆکن لەسەریان .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی دووەم : بەهاکانی خێزان :

بەهاکانی خێزان بریتین لە گشت ئەو یاسا ، و ڕێسا ، وبڕیار ، ورێنماییانەی کە لەلایەن تاکەکانی ناو خێزان پەیڕەودەکرێن ، بەمەبەستی بەدەست هێنانی ژیانیکی خێزانی سەرکەوتوو .

### 1.چەمك و مەبەست لە خێزان :

لە فەرهەنگی زانستی کۆمەڵناسی پێناس دەکرێت بەوەی کە " بریتیە لە کۆمەڵێك تاك کە بەیەکەوە بەستراو بەهۆی پرۆسەی هاوسەرگیری ، وخوێن ، و لەخۆگرتن ، وکارلێك لەگەڵ یەکتر ، وئەم کارلێکە دەکرێت لەنێوان ژن و مێرد بێت ، یاخود دایك و باوك ، یان دایك و باوك و منداڵەکان ، لەکۆی گشتی ئەمانەش یەکەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کە خاوەن چەندین خەسڵەتی دیاریکراون " (راچی، 2014،لا14).

### 2.ئەو هۆکارانەی کە گۆرانکانی بەسەر پاترۆنی خێزان دەهێنن :

گۆڕانی خێزان راستیەکی هەبووە لەگشت کۆمەڵگەیەك ، وجیاوازی لە کۆمەڵگایەك و بۆ کۆمەڵگایەکی تر تەنها لەسەر ڕێژەی گۆڕانکاریەکەیە ، بۆیە لێرەدا بەباشی دەزانیین ئاماژە بەگرنگترین ئەو هۆکارانە بکەین کە دەبنە هۆی گۆران لە پاترۆنی خێزان ، ئەو هۆکارانەش بریتین لە :

- هۆکاری جوگرافی .
- هۆکاری دانیشتوان .
- هۆکاری ئابووری .
- هۆکاری تەکنۆلۆجی .
- هۆکاری ئیدیۆلۆجی . (محمد و هیتر، 2016، لا82-85)

### 3.گرنگترین ئەو پێکهاتە و ڕواڵەتانەی خێزان کە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت :

- پێکهاتەی خێزان .
- کارەکانی خێزان .
- باری ئابووری ، وپیشەیی .

•سەربەخۆیی نیشتەجێ بوون .
•کەمبوونەوەی پەیوەندی خێزانی .
•پەیوەندی نێوخۆیی خێزان .
•پەروەردە .
•کاتە بەتاڵەکان . (محمد و هیتر ،2016 ،لا86-92)

## سێیەم : زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر :

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەك یەکەمین دامەزراوەی ئەکادیمی تەکنیکی لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، ئەوکات لە ژێر ناوی ( دەستەی پەیمانگە تەکنیکیەکان) بووە و دواتر لەگەڵ کردنەوەی کۆلێژی تەکنیکی ناوەکەی گۆڕدا بۆ (دەستەی خوێندنی تەکنیکی)، لە ساڵی ٢٠١٢ دەستەی خوێندنی تەکنیکی کرا بەزانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، کە سێ کۆلێژ و هەشت پەیمانگە لەخۆ دەگرێت. زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ناوەندێکی زانستی ئەکادیمی حکومی قازانج نەویستە، ئامانجی پێگەیاندنی کادری تەکنیکی ناوەندییە لە پسپۆریە جیاوازەکاندا. هەروەها بڕوانامەی دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دبلۆمی باڵا پێشکەش دەکات. (https://www.epu.edu.iq/kurdi/)

## بەشی سێیەم : لایەنی مەیدانی (ڕێکارە پراکتیکیەکانی ) توێژینەوە

## یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە ،لە چوارچێوەی ئەم میتۆدەدا پرووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە بەکارهاتووە " هەروەها پشتبەستراوە بە میتۆدی پەیوەستی لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان تەوەرەکانی توێژینەوە .

## دووەم : کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە :

کۆمەڵگەی توێژینەوە (Research Universe ) سەرجەم ئەو تاکەکەس و دام و دەزگایانە دەگرێتەوە کەوا دەبنە بابەتی گرفتی توێژینەوە (عبیدات و ئەوانی تر ،2012 ، لا99 ) ، لەتوێژینەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتیەکاندا ،ناکرێت توێژەر سەرجەم کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە وەربگرێت چونکە پێویستی بە تێچونێکی زۆر و ماندوبونێکی زۆر و کاتێکی زۆریش هەیە .

لەم توێژینەوەی ئێمەشدا جۆری نموونەی (هەرەمەکی سادە -Simple Random Sample ) بەکارهاتووە ، بەشێوەیەك هەوڵمانداوە نموونەکەمان توێژە جیاوازەکانی تەمەن و ئاست و پلەی زانستی و باری کۆمەڵایەتی کارمەندانی ناو زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بگرێتەوە ، و لەمیانی ڕێکارەکانی دابەش کردنی ڕاپرسی هەڵساین بە دابەش کردنی (120 ) فۆڕمی ڕاپرسی ، بەڵام دوای شیکردنەوە و پۆلینی و لەکۆتاییدا تەنها (110 ) فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەیەکی تەواو لەلایەن نموونەی توێژینەوە وەڵام درابوونەوە ، بۆیە قەبارەی نموونەکە پێکهات لە ( 110 ) یەکە .

## سێیەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :

### 1.فۆڕمی ڕاپرسی : Questionnaire

لەم تەوەرەدا باس لەو ئامرازە دەکەین کەلە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا بەکارهاتوون ، ئێمە فۆرمی ڕاپرسیمان بەکارهێناوە لەم توێژینەوەیدا ، لەخوارەوە چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕوونکراوەتەوە :

فۆڕمی ڕاپرسی سەرەکیترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانە لەم توێژینەوەیەدا ، بۆ بنیاتنانی فۆڕمی ڕاپرسی هەڵساین بە کەڵك وەرگرتن لە توێژینەوە و ئەدەبیاتی پێشوو سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکەمان ،و مەبەست لە فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوە ئەو ئامرازە بڵاوەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەلە زۆر بواردا بەکاردێت و شێوازێکی ئاسان و کەم تیچووە ، کەکۆمەڵێك پرسیار لە خۆدەگریت . (خاطر ، 1998 ،لا194)

فۆڕمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوە لە سێ تەوەر پێك دێت :

باسی یەکەم / تەوەری یەکەم : پێك دێت لە دوو تەوەری لاوەکی ئەوانیش :

1.زانیاری سەرەکی : زانیاری دەربارەی (ڕەگەز و تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و جۆری پیشە ) ی نموونەی توێژینەوە .

2.ڕونکردنەوەی (ئامێرە ئەلیکترونیەکان ، و سەردانی کردنی سایتە ئەلیکترۆنیەکان ، و کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ) لەلایەن نموونەی توێژینەوە .

تەوەری دووەم : بەکارهێنان و هۆکار و کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی
باسی دووەم /: پێك دێت لە چوار تەوەری لاوەکی ئەوانیش :
1. تەوەری یەکەم / گفت و گۆی نێو خێزان ، ئەمەش (4) پرسیاری تیایە .
2. تەوەری دووەم / بابەتەکانی ڕۆشنبیری تازەی خێزانی (نموونەی توێژینەوە ) ،ئەمەش (7) پرسیاری تێدایە.
3.تەوەری سێیەم / کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر لایەنی پەروەردەیی ژیانی خێزان ، ئەمەش (3) پرسیاری تیایە .
4.تەوەری چوارەم/ کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر پاترۆنی تری نێو خێزان ، کەلە (6) پرسیار پێکهاتووە .

## 2.ڕاستی ڕواڵەتی (Face Validity ) :

ئەم جۆرە ڕاستی ڕواڵەتیە ئاسانترین جۆری ڕاستیەکانە ،توێژەر بڕگەی (پرسیارەکانی ) فۆڕمی زانیاری توێژینەوەکەی بۆ چەند شارەزا و پسپۆڕێکی بابەتەکەی دەخاتەڕوو ، ئەوانیش بڕیار دەدەن تا چ رادە و ئاستێك ئەو بڕگانە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە .(حمزاوی، 1998، لا166 )
ڕاست و دروستی کەرەستە تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی بونیادنانی پێوەری دەروونی ،پێوەری ڕاست و دروستیش ئەو پێوەرەیە کە تەنیا ئەوەی کە بۆی دیاریکراوە بیپێوێت .
بۆ زانیینی ڕاستی بڕگە و پرسیارەکانی فۆڕمی زانیاری لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا بە گشتی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی پێویستە لەلایەن شارەزایانەوە هەڵبسەنگێنرێت ، بۆیە بەر لە دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر لێتوێژراوان ،بۆ داڕشتنی پرسیارەکان سوود لە سەرنج و تێبینی (14) شارەزا و پسپۆڕی خاوەن ئەزموونی جیاوازی بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروناسی و میدیا لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە ، ئینجا تاقیکردنەوەی ڕاستی پێوەرەکە پەیڕەو کرا ،بەپێی ئەو بنەما پەیڕەوکراوە توێژەر بڕگە نەگونجاوەکانی لاداوە و دووبارە پرسیارەکانی داڕشتۆتەوە ، کە لە دواجاردا کۆی پرسیارە تایبەتیەکانی بابەتەکە بووە (34) پرسیار جگە لە پرسیارەکانی تەوەری یەکەم (گشتیەکان ) ، پاشان ڕاستی ڕووکەشی پێوەرەکە بەڕێژەی (92.10%) دەرچوو ، ئینجا فۆڕمەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەش کردۆتە سەر لێتوێژراوان یاخود ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ،و هەر فۆرمێک خەسڵەتی ڕاستگۆی هەبوو واتە جێگیریشە بەڵام بەپێچەوانەوە ڕاست نییە..

## چوارەم : چوارچێوەی توێژینەوە :

چوارچێوەی بابەتی : ئەم توێژنەوەیە خوێندنەوە بۆ ( کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، و کاریگەریان لەسەر بەهاکانی خێزان لە کومەڵگەی کوردستانی ، و دەست نیشانکردنی لێکەوتە نەرێنی و ئەرێنیەکانی ئەم کاریگەریە ) دەکات.

چوارچێوەی شوێن : ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر جێبەجێ کراوە ، و زانکۆی ناوبراو کومەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بووە .

چوارچێوەی کات : توێژەر ئەم توێژینەوەی لە ساڵی خوێندنی 2019-2020 ئەنجام داوە .

چوارچێوەی مرۆیی : سنوری مرۆیی ئەم توێژینەوە گشت کارمەندانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لە (مامۆستایان ) دەگرێتەوە .

بەشی چوارەم : خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان

باسی یەکەم : خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە گشتیەکان:

## زانیاریە گشتیەکان

خشتەی (1) زانیاری (ڕەگەز،تەمەن،باری کۆمەڵایەتی،پیشە)

| زانیاری | دەستەواژەکان | دوبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 53 | %48.18 |
| | مێ | 57 | %51.82 |
| | کۆ | 110 | %100 |
| تەمەن | less 20 | 2 | %1.82 |
| | 20-30 | 20 | %18.18 |
| | 31-40 | 38 | %34.55 |
| | 41-50 | 36 | %32.73 |
| | more 50 | 14 | %12.73 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کۆ | 110 | %100 |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 20 | %18.18 |
| | خێزاندار | 90 | %81.82 |
| | کۆ | 110 | %100 |
| پیشە | مامۆستا | 46 | %41.82 |
| | فەرمانبەر | 53 | %48.18 |
| | هیتر | 11 | %10.00 |
| | کۆ | 110 | %100 |

لەخشتەی ژمارە (1) کە زانیاریە گشتیەکان (ڕەگەز-تەمەن-باری کۆمەڵایەتی-پیشە) دەردەکەوێت لەنمونەی وەرگیراودا لە توێژینەوەکەدا لە ڕەگەزدا ڕێژەی نێر دەگاتە (48.18 %) لە کاتێکدا ڕێژەی مێ دەگاتە (51.82 %)، ئەوەش بۆ خۆی دەرەنجامێکی زۆر باشە لە بەشداری ڕەگەزی مێ لەبەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبابەتی توێژینەوە ،وەهەروها زۆرترین چینی تەمەن دەکەوێتە نێوان(31-40) و (41-50) کە دەگاتە ڕێژەی (%34.55) و (32.73) لە کۆی گشتی بژاردەکە، ئەمەش بۆخۆی ڕێژەیەکی باشە و ئەم چینە لەتەمەن پێگەیشتوون و وردترن لە وەڵامدانەوەی پرسیار کە ڕێژەی گشتیان ( %67.28) یە ،لە باری کۆمەڵایەتی زۆرترین ڕێژە (خێزاندارن) بە ڕێژەی (%81.82) ، و ڕێژەی سالْت (%18.18) ، کە ئەم ڕێژەیەش لە بەشداری خێزاندا زۆر باشە چونکە پەیوەنداره بەبابەتی توێژینەوە ، و زۆرترین پیشەی بژاردەکە(فەرمانبەر و مامۆستان) بە ڕێژەی (48.18 % ) و ( 41.82 % ) یەك بەدوای یەك ، ئەمەش ئاماژەیەکی زۆر باشە لە بەشداری چینی ڕۆشنبیر کە ڕێژەی گشتیان بریتیە لە (%90) ی نموونەی توێژینەوە .

خشتەی (2) بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان

| ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| Mobil | 106 | 63.10% |
| iPad | 21 | 12.50% |
| Computer | 39 | 23.21% |

| | | |
|---|---|---|
| Others | 2 | 1.19% |
| کۆی گشتی | 168 | 100.00% |

لەخشتەی ژمارە (2) روونکردنەوەی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان دەردەکەوێت کە رێژەی زۆربەی بژرادەکە (مۆبایل) بەکاردەهێنن (63.10%)، واتا وەڵامی سامپڵ دەرخەری گرنگی بژاردەی مۆبایلە لە رۆژگاری ئەمرۆدا .

خشتەی (3) بەکارهێنانی سایتە ئەلکترۆنیەکان

| سایتە ئەلیکترۆنیەکان | دووبارەبوونەوە | % |
|---|---|---|
| Facebook | 90 | 45.0% |
| Twitter | 14 | 7.0% |
| YouTube | 48 | 24.0% |
| Snap chat | 22 | 11.0% |
| Tik tok | 17 | 8.5% |
| Other | 9 | 4.5% |
| کۆی گشتی | 200 | 100.0% |

لەخشتەی ژمارە (3) روونکردنەوەی بەکارهێنانی سایتە ئەلکترۆنیەکان دەردەکەوێت کە رێژەی زۆربەی بژرادەکە (Facebook) بەکاردەهێنن (45%)، وەبە پلەی دووەم (YouTube) دێت بەرێژەی (24%) ، وئەم رێژانەش بۆخۆی متمانەیەکی زۆرمان پێ دەبەخشێ لە بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن تاکەکانەوە.

خشتەی (4) کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (رۆژانە )

| **کاتژمێرەکان** | **دووبارەبوونەوە** | **%** |
|---|---|---|
| **1-3 h** | 77 | %70 |
| **4-6 h** | 22 | %20 |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| **More 7 h** | 11 | %10 |
| کۆی گشتی | 110 | %100 |

لەخشتەی ژمارە (4) روونکردنەوەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی(ڕۆژانە) دەردەکەوێت کە ڕێژەی کاتژمێرەکانی زۆربەی بژرادەکە (1-3 کاتژمێر) خەریکی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (70%) ، وەبە پلەی دووەم بژرادەی (4-6 کاتژمێر) دێت بەرێژەی (20%) ، واتا ڕێژەی 90% ی سامپڵەکەمان ڕۆژانە لە نێوان 1 -6 کاتژمێر تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن. کە ئەمەش رێژەیەکی زۆرە .

خشتەی (5) بەکارهێنان و هۆکار و کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

((گفت و گۆی نێو خێزان))

| گفت و گۆی نێو خێزان | بەڵێ | | تاڕادەیەك | | نەخێر | | Mean | sd |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | | |
| 1. هانا دەبەیت بۆ هاورێیانت لە تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانیت | 18 | 16.36% | 29 | 26.36% | 63 | 57.27% | 2.41 | 0.76 |
| 2. گفت و گۆ لەگەڵ ئەندامانی (خێزانەکەت) دەکەیت بەشێوەیەکی بەردەوام بەمەبەستی | 52 | 47.27% | 31 | 28.18% | 27 | 24.55% | 1.77 | 0.82 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانی | | | | | | | | |
| 3. کێشە لەنێوان خۆت و ئەندامانی (خێزانەکەت) دروست دەبێت لە دەرەنجامی بەکارهێنانت بۆ تۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 16 | 14.55% | 40 | 36.36% | 54 | 49.09% | 2.35 | 0.72 |
| 4. .ئەو کاتەی بەسەری دەبەیت لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی زیاترە لەوەی کە بۆ دانشتن و گفت و گۆ و قسەکردن لەگەڵ ئەندامانی (خێزانەکەت) | 17 | 15.45% | 32 | 29.09% | 61 | 55.45% | 2.40 | 0.74 |
| کۆی گشتی | 103 | 23.41% | 132 | 30.00% | 205 | 46.59% | 2.24 | 0.50 |

لەخشتەی ژمارە (5) روونکردنەوەی (بەکارهێنان و هۆکار و کاریگەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی-یەکەم-گفتوگۆی نێو خێزان) دەردەکەوێت کە دەتوانین هەرسێ وەڵامەکەی بەم شێوەی خوارەوە شی بکەینەوە:

- به سەرنج دان لەخشتەی ژمارە (5) تایبەت بە (ژمارە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوەری ) لە بڕگەکانی (x1-x4) تایبەت بە بڕگە و ڕەهەندی (گفت و گۆی نێو خێزان) ،ڕێژەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

